# جوانکاریی لە شیعرەکانی عەونی شاعیردا

**ڕۆکان گوریل شەعیا** [١]

[١] بەشی زمانی کوردی،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە**

عەونی شاعیر یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی نێو ئەدەبی کوردیدا، شاعیر شارەزاییەکی لە ڕادە بەدەری هەبووە لە بەکارهێنانی زانستی ڕەوانبێژی و بەتایبەتی جوانکاری، شاعیر توانیویەتی زۆر بە جوانی و لێهاتوویی هونەرەکانی جوانکاریی لە نێو شیعرەکانی بەکاربهێنێت. لەنێو هەموویاندا جوانکاریی وشەیی بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەک لە باسەکەماندا بە نموونەی شیعری ڕوونمان کردۆتەوە، شاعیر زۆر بەوردیی و لە هونەرەکانی کۆڵیوەتەوە و بە نموونەی شیعرەکانی دەریخستوە کە هیچی لە شاعیرانی تر کەمتر نییە و بگرە شانبەشانی شاعیرانی تر ئەسپی خۆی لەم بوارە تاوداوە. باسەکەمان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە و هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، لە بەشی دووەم باسی هەردوو جۆرەکانی جوانکاریمان کردووە و بە نموونەی شیعری هونەرەکەمان خستۆتە ڕوو، لە کۆتایش ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

**کلیلە وشە:** جوانکاری واتەیی، جوانکاری وشەیی، ڕەگەزدۆزی، پاتکردنەوە، تیلنیشان

## ١. پێشەکی

زانستی جوانکاریی، یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی لە ڕەوانبێژیدا لەلایەن شارەزایان و شاعیراندا بایەخێکی زۆری پێدراوە، یەکێکە لەو هونەرانەی پانتاییەکی فراوانی لە دیوانی شاعیراندا داگیرکردوە و بەهایەکی تایبەتی دراوەتێ لەچاو زانستەکانی تری ڕەوانبێژیدا، چونکە ئەم زانستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هونەرەکانی جوانکارییەوە هەیە، وای لەشاعیر کردوە جوانکارییە ئەدەبییەکان لەنێو ئەم زانستەدا ببینێتەوە، ئەم زانستە دەبێتە دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش (جوانکاریی وشەیی و جوانکاریی واتایی)ە، ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دید و بۆچونی شاعیرەوە هەیە کە وای لێدەکات بەدوای ئەو وشە و ڕستانەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمێکی ئەدەبی جوان بهێنێتە نێو دنیای شیعرەوە، لەلایەکی ترەوە ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی وشەکان و هاتنی چەند جارەی وشە لە دووبارە کردنەوە و گێڕانەوەیدا ئەمانە هەموو وا دەکات جوانکاریی ئەدەبی بهێنێتە کایەوە، بۆیە دەبینین ئەم زانستە تا دێت پێگەی خۆی لەنێو دیوانی شاعیراندا بەشێوەیەکی بەرچاو قایم بکات.

### ١,١ هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تا بتوانم خزمەتێك بە شاعیری گەورەی کورد و شاری کۆیە (عەونی) بکەم، چونکە ئەم شاعیرە وەکو پێویست لای لێنەکراوەتەوە و تاوەکو ئێستاش زۆر بە کەمی توێژینەی زانستی و ئەکادیمی لەسەر کراوە و ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زانستی ڕەوانبێژی لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە و گرنگی و بایەخی تایبەتی لای شاعیر هەبووە. بۆیە بە پێویستم زانی ئەم خزمەتە بچوکە بەو شاعیرە بکەم و توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بەرهەمەکانی بکەم.

### ١,٢ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا دەبینم، کە بەهای ئەم زانستە لەنێو دەقە شیعرییەکانی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ١، ژمارە ١ (٢٠١٨)
بەرواری وەرگرتن في ٢١ کانونی یکەم ٢٠١٧؛ پەسەندکرا لە بەرواری ٠٣ ئۆکتۆبەر ٢٠١٨ پەپەری توێژینەوەی ڕێکخراو: لە بەرواری ٢٦ کانونی یەکەم ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیلی توێژەر : rokan.gawril@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٨ ڕوکان گورێل شەعیا گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp146-156

شاعیردا بەشێوەیەکی زانستی بخەمە ڕو. ، چونکە ئەم زانستانە لە ساڵانی زوو زۆر گرنگیان پێنەدراوە و توێژینەوەی زانستیش لەسەر ئەم زانستانە وەك پێویست نەکراوە، لەلایەکی تر زانستی ڕەوانبێژی وا لەبەرهەمی ئەدەبی دەکات بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستەکانی تری ئەدەب و بیگرە بەرزتریشی دەکات، بۆیە دەبینین ئەم بەرهەم و دیوانە شیعریانەی دەوڵەمەندن بە زانستی ڕەوانبێژی هەموو کات بەرهەمەکانیان بە زیندوویی لەنێو جیهانی مێژوی ئەدەبیاندا دەمێننەوە.

### ١,٣ گیروگرفتی توێژینەوەکە:

گیروگرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەبینمە لەنێو گۆڤارەکانی زانکۆکانی کوردستاندا لەڕووی ژمارەی پەڕەوە سنووردار کراوە نابێت لە (٢٥) لاپەڕ زیاتر بێت، بۆیە زۆربەی کات وا دەکات نەتوانی حەقی شاعیر و مەبەستی توێژینەوەکە سەدا سەد ئامانج و لێهاتوویی شاعیر بخەیتە ڕوو، ئەگینا لە ڕووی کتێب و سەرچاوەوە ڕاستە کتێبخانەی کوردی لەم زانستە هەژارە، لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوەی عەرەبی بەشێوەیەکی زۆر ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

### ١,٤ سنووری توێژینەوەکە:

ســـنووری لێکۆڵینەوەکە پڕاکتیزەکردنی هونەرەکانی زانســـتی جوانکارییە لە ســـەر دیوانی شاعیر و چاپی دووەمی ، ئەو هونەرانەمان باسکردووە کەوا شاعیر توانیویەتی زۆر بەسەرکەوتووانە بەسەر ئەم هونەرانەدا زاڵبێت و بە نموونەی شیعری بەرزو جوان بابەتە هونەرییەکانیان خستۆتە ڕوو

### ١,٥ پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش لەگەڵ پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو، لە بەشی یەکەمدا باسمان لە زانستی جوانکاریی کردوە و بە چەند پێناسەیەك ڕوونمان کردۆتەوە و هەردوو جۆرەکەیمان خستۆتە ڕوو، لەگەڵ کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر کردوە.لە بەشی دووەمدا باسمان لە جۆرەکانی جوانکاریی وشەیی کردوە و بە نموونەی شیعری هونەرەکانمان ڕوون کردۆتەوە .لە بەشی سێیەم و کۆتایی باسمان لە جوانکاریی واتایی کردوە و بە نموونەی شیعری هونەرەکانیمان ڕوون کردۆتەوە

### ژیانی عەونی لە چەند دێڕێکدا:

عەونی نازناوی شیعریی (شاعیری نەتەوەیی کورد)، عوسمان کوڕی حەبیب عەبدوڵڵایە. لەساڵی ١٩١٤ دا لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیە لەدایکبووە و چاوی بە دیمەنی باخ و ڕەزانی کراوەتەوە و "گوێ"ی بە ئاوازی بولبولی باخ و کەوی قەدپاڵی باواجی و هەیبەت سوڵتان دەزرینگێتەوە.

درەنگ چۆتە بەر خوێندن. لەساڵی ١٩٢٧ دەستی بەخوێندن کردووە و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوە، کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەبەر ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانەکەی قوتابخانەی بەجێ هێشتوە و لە دوکانی باوکی دانیشتوە. لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە خۆ پێگەیاندن نەهێناوە و هاتوچۆی حوجرەی فەقێیانی کردوە، لە مزگەوتی "حتك" لەلای مەلا محەمەدی برایی عەودالانی ناسراو بە (دلاوەر)ی شاعیر، هەندێ دەرسی ئایینی وەك (العقائد) و (الشرع)ی لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبیدا خوێندووە. دوای ئەمەش بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زمانی فارسی لە لای مەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندووە و بە چاکی فێری زمان و ئەدەبیاتی فارسی بووە.

لەسەرەتای سییەکانەوە، عەونی چۆتە ڕیزی هەڵگرانی مەشخەڵی کوردایەتی و چالاکانە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێکۆشاوە و دوای دامەزراندنی حیزبی هیوا، لەسەرەتای چلەکانەوە بوەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە کوردییە تێکۆشەرە، تاکو پتر خزمەتی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی بکات. تا ئەو حیزبەی هیوا لە تێکۆشان دابووە، تاکو لە ساڵی ١٩٤٦ دا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، ئینجا چوەتە پاڵی و بوەتە ئەندامێکی کارای ئەو حیزبە نەتەوەییە پێشکەوتوخوازەی کورد. عەونی نیشتمانپەروەر هەرگیز لە ڕێبازی کوردایەتی لای نەداوە و هەردەم پێی وابووە کە کوردایەتی تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد، بۆیە زۆرجار لەسەر ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی زۆرجار لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسیدا توشی ئازار و ئەشکەنجە و گرتن بووە. لە سەرەتا و ناوەندی چلەکانەوە چەندین جار ئاشنایەتی بەندی بەندیخانەکانی (کۆیە و هەولێر و کەرکوك و بەغدا و کوت و نوگرەسەلمان) بوە و لەساڵی ١٩٦٣ بەخۆیی خێزانەوە تووشی دەربەدەریی و ئاوارەبوون و بووە دواجاریش ساڵی ١٩٦٥ دوای شەر دەستپێکردنەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەی هەولێر بەندکراوە. لە ساڵی ١٩٧٠ دوای ڕێککەوتنامەی ١١ ی ئازار و لەپاش دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بە ئەندامی ئەو یەکێتییە وەرگیراوە و لە هەموو کۆڕ و لە کۆنگرەکانیدا بەشداری کردووە، لە دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردیش، لە ساڵی ١٩٧٢ دا بە ئەندامی یاریدەدەری ئەو کۆڕە وەرگیراوە.

عەونی، شاعیر هەڵکەوتوی کورد، بەرهەمی شیعریی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو هاوار و گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و بەیان و هەولێر و کاروان و هاوکاریی و برایەتی بڵاوکردۆتەوە و ناوبانگی شاعیریی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و زۆرجار ئیستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا و کەرکوك هەوڵیان داوە چاوپێکەوتنی ئەدەبی لەگەڵدا بکەن و پیشانی بینەرانی کوردی بدەن .

عەونی بەرهەمی شیعریی زۆرە و سانسۆری دام و دەزگای ڕژێمی بەعس ماوەی چاپکردنی دیوانەکەی نەداوە. بەڵام ئێستاکە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا سەرجەمی هۆنراوەکانی لە دیوانە قەشەنگەکەیدا پێشکەش بە شیعر دۆستانی نەتەوەی کوردی کردوە.

عەونی شاعیر و خەباتگێڕو کوردپەروەر، ژیانێکی پڕ کێشە و ئەشکەنجەی بەسەر برد، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای خوشك و برا مردن و کۆست کەوتنی، ڕۆژ بە ڕۆژ بەدەست نەخۆشی هەناسە تەنگییەوە پەرێشانتر دەبوو، ڕژێمی بەعسیش لە دوا پەلەقاژەی نەمانی لە کوردستان، شاری کۆیەی تۆپباران کرد و ماڵەکەی شاعیر یەکێك بوو لە ئامانجی گوللەکانی و چەند پڕیشـکێکی (سـاچمە) بەرکەوت و بینداری کرد، ئەو کارەسـاتە سـامناکە ڕێگای کۆچی دوایی کورت کردەوە، ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٣٠ دا دوعاخوازیی لە کەس و کار و کورد و کوردســـتان کرد و تا هەتایە چاوی ژیانی لێکناو تەرمی پیرۆزی بەشـــانی ئەدیب و نووســـەران و جەماوەری شـارەکەی کۆیەی تێکۆشـەر برایە گۆڕسـتانی باسکی عارەبیان و بە خاکی نیشـتمان سپێردرا. (فەرهاد عەونی: ٢٠١١: ٤١- ٤٢).

## ٢. سەرەتایەکی کورت لەبارەی زانستی جوانکاریی:

یەکێکە لە هونەرە گرنگەکانی زانســـتی ڕەوانبێژی. (زانســـتی جوانکاری)ە، بە مانا

ئەدەبییەکەی گرنگی و بایەخ بەم لایەنە دەدات کە بەرهەمی ئەدەبی لە واتا و ئاوازەوە لە قسە و ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەماندا جیا دەکاتەوە، ئەم هونەرە یاخود ئەو زانستە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (البدیع) لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای داهێنانی شت یاخود ئەو شـتەی کە بۆ یەکەمجار دادەهێنرێت، لای ئێمەش ڕوون و ئاشـکرایە کە داهێنـان چ گرنگی بایەخێکی تایبەتی هەیە. بۆیە دەبینین خوای گەورە لە قورئـانی پیرۆزدا باسی (بەدیع)ی کردوە و فەرمویەتی: ((بديعُ السماواتِ والأرضِ وإذا قضى أمرا فإنما يقولُ لهُ كُنْ فَيكونُ)) سورەتی (البقره) ئایەتی(١١٧). واتە (خودا بەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوییە وەکاتێ کە ویسی ـ شـتێ بکات هەر ئەوەندەی پێ ئەوێ کە پێی بڵێ: ببە ئیتر ئەبێ).(محەمەدی خـاڵ: ١٩٧٦: ٢٥). هەروەهـا لە زمـان و ئەدەبی کوردی خۆشـاندا جوانکاری بە واتای دەسـت ڕەنگین یان ڕازێنەرەوە دێت. بەڵام لە زانسـتی ڕەوانبێژیدا لای کورد و عەرەب واتایەکی تر دەگەیەنێ: ((جوانکاری تایبەتە بە چەمکی جوانی و ڕازاندنەوە بە هەردوو لای وشـە و واتا شـیدەکاتەوە)). (عەزیز گەردی:١٩٧٥: ٥). کەواتە لە کۆی ئەم دوو باسـەی سـەرەوەماندا دەتوانین بڵێین جوانکاری لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕوون و شـیدەکاتەوە، دوو جۆری هەیە (جوانکاریی وشەیی و جوانکاری واتایی) هەر یەکێك لەم هونەرانە کۆمەڵێك بابەت لە خۆ دەگرن لە خوارەوە بەپێی بوونی لەنێو دەقە شـیعرییەکانی شـاعیردا ئاماژەیان بۆ دەکەین و بە نمونەی شیعری دەیانخەینە ڕوو.

### ٢،١ جوانکاری وشەیی – البدیع اللغوی:

ئەمجۆرەیان زیاتر لە لایەنی ئاواز و مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە و ئاوازی وشەکان لە ئاستی ستونی و ئاسۆییدا بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم بەشە زیاتر پاتکردنەوەی دەنگ و ئاوازی ناوەوە و سەروا و ڕەگەزدۆزی چەندان هونەری تر دەگرێتەوە، کە لەخوارەوە ئاماژە بۆ هەر یەکێکیان دەکەین.

### ٢،٢ جۆرەکانی جوانکاریی وشەیی لە شیعری (عەونی)دا:

### ٢،٢،١ ڕەگەزدۆزی – الجناس - Alliteration :

مەبەست لە ڕەگەزدۆزی (ئەوەیە کە لە ڕستەیەکدا یا لە دێڕە شیعرێکدا دوو وشە یان زیاتری تیا بێ و ئەم وشانە لە شێوەدا لە یەك بچن، واتە وەك یەك بن لە ڕووی ژمارەی دەنگەکان و ڕیزکردنیان و شێوەی ڕێنوسی پیتەکانەوە، بەڵام هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت). (حەمە نوری عومەر کاکی: ٢٠٠٨: ٩٩). ڕەگەزدۆزی دەبێتە دوو جۆری سەرەکی ئەوانیش بریتیین لە:

#### أ. ڕەگەزدۆزی تەواو – الجناس التام:

(ڕەگەزدۆزی تەواو ئەوەیە شاعیر دوو وشە یان زیاتر لە دێڕە شیعرێکدا یان پارچە شیعرێکدا وەك خۆی بەکاردێنێت، بەڵام واتایان جیاوازە، ئەو وشانە لەسەر چوار بنەما دەبێت وەکو یەکبن ئەوانیش برتیین لە (ژمارەی پیت، جۆری پیتەکان، شێوەی پیتەکان، چۆنییەتی ڕیزبوونی پیتەکان). (السید احمد الهاشمي: ٢٠٠٦: ٢٤٤). شاعیر ئەم هونەرەی لەنێو دەقە شیعرییەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی زۆر بەکارهێناوە و زۆر تێیدا سەرکەوتوو بووە و گرنگی و بایەخی زۆری پێداوە، ڕەگەزدۆزی تەواو گەلێ جۆر و لقی لێدەبێتەوە، بەڵام ئێمە بە دوو نمونە کۆتایی پێدێنین تاوەکو بتوانین حەقی هونەرەکانی تریش بدەین لە ڕووی نمونەی شیعرییەوە.

شاعیر لە شیعری (خانمی مەی گێڕ) دا دەڵێت:

**زۆر پەرێشانم بە دەست ئەم چەرخەوە**
**بەختی بەد ڕەفتار بەسە وەر چەرخەوە**

دیوانی عەونی، ٢٤٠

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن بریتیین لە وشەکانی (چەرخەوە) لە نیوە دێڕی یەکەم و (چەرخەی) وشەی دووەم لە کۆتایی دێڕەکە هەردوو وشەکە لە ڕووی (ڕیزبوونی پیتەکان، شێوەیان، ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان) وەکو یەکن تەنها لە واتادا جیاوازن، وشەی یەکەم بە واتای (زەمانە) هاتووە، وشەی دووەمیش بە واتای (سوڕانەوە) هاتووە.

عەونی لە شیعری (یاری من) دا دەڵێت:

**بەهەرەوەر نابێ کەسێك کاری هونەری کاری نەبێ**
**بێتە مەیدانی گرەو چەند بەزی یە هەر بەزی یە**

دیوانی عەونی، ٢٥٥

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن بریتیین لە وشەکانی (بەزی یە) لە نیوە دێڕی دووەم و (بەزی یە) وشەی دووەم لە کۆتایی دێڕەکە هەردوو وشەکە لە ڕووی (ڕیزبوونی پیتەکان، شێوەیان، ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان) وەکو یەکن تەنها لە واتادا جیاوازن، وشەی یەکەم بە واتای (ڕاکردن) هاتووە، وشەی دووەمیش بە واتای (دۆڕاندن) بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو دروستبووە.

#### ب. ڕەگەزدۆزی ناتەواو – الجناس غیر التام:

(ئەمەش ئەوەیە، ئەو دوو وشەیەی ڕەگەز دۆزییەکە پێکدێنن لە یەکێ لەمانە جیاواز بن، جۆری پیت، ژمارەی پیت، شێوەیان، ڕیزبوونی پیتەکان، - واتە پێچەوانەی ڕەگەزدۆزی تەواو). (محي الدين السعدی: ٢٠١٢: ٦٨).. بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (ئەی بادی شەماڵ) دا دەڵێت:

**ئێستا لەسەر چی لەگەڵ یەك دژن؟**
**بۆ سەرووی دوژمن یەکتر دەکوژن؟**

دیوانی شاعیر، ١٠٩

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوەکە دروست دەکەن بریتیین لە (دژن) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و (دەکوژن) لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەم، وشەی دووەم (٤) پیتی (د، ە، ك، و) سەرەتای لە وشەی یەکەم(دژن) زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروستبووە.

شاعیر لە شیعری (لاوی کورد) دا دەڵێ:

**لاوی کـــورد دەبێ بسوتێ وەك شـەم**
**ڕووناك کا بۆ گەل ڕێ ی تاریك و تەم**

دیوانی شاعیر، ١١٥

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوەکە دروست دەکەن بریتیین لە (شەم) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و (تەم) لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەم، هەردوو وشەکە لە یەك پیتی سەرەتا جودان پیتی(ش) لە یەکەم و پیتی(ت) لە وشەی دووەم ، بەمەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروستبووە.

### ٢،٢،٢ پاتکردنەوە – التکرار- Repetition:

پاتكردنەوەیە ئەوەیە وشـــەیەك دووجار یان زیاتر بە هەمان واتا لەنێو پێكهاتەی دەقەكەدا دووبارە بێتەوە. جا بە هەر مەبەستێك بێت، چونكە هەڵبژاردنی ئەو وشەیە لە لای نوسەر مەبەستێكی لە پشتە و دەشێت پەیوەندی بە باری دەروونی خودی نووسەرەوە هەبێت، یان هەڵوەستەكردن لەسەر ئەو وشەیە بە مەبەستی جەختكردن و دڵنیایی بێت، لە هەمان كاتدا شـــێوەیەكی جوانكاریی و ئیســـتاتیكی بە دەقەكە دەدات)). (هێمن عومەر خۆشـــنـاو: ٢٠١٠: ١١١). ئەم هونەرە یەكێكە لەم هونەرانەی كەوا لە دیوانی شـــاعیر زۆر بەرچاو دەكەوێت و پانتاییەكی فراوانی لە شـــیعرەكانیدا داگیر كردوە، ئەم هونەرە لە پاتكردنەوەكاندا مەبەســـتی شـــاعیر روون دەكاتەوە كە بۆ چ مەبەســـتێك وشـەكانی پاتكردۆتەوە، بە چەند نمونەیەك ئەم هونەرە روون دەكەینەوە لەگەڵ مەبەســـتی پاتكردنەوەكە.. بۆ نمونە شـاعیر لە شـــیعری (با ڕزگار بین) دا دەڵێت:

**بڕۆین بڕۆین تـــا دەتوانین**
**بەرەو ئاسۆی گـــەش بڕوانین**

دیوانی عەونی، ٢٣٥

لەم دێڕەدا دەبینین شـــاعیر كرداری (بڕۆین) لە نیوە دێڕی یەكەم دووجـار پاتكردۆتەوە، بێ ئەوەی وشـــە پاتكراوەكان بخرێنە پاڵ شـــتێك، بەمەش شـــاعیر مەبەســـتی پاتكردنەوەكەی جەختكردن و دڵنیابوونەیە لە ڕۆیشـــتن و گەیشـــتن بە ئاســـۆی گەش، بەمەش هونەری پاتكردنەوە بەرهەم هاتووە.لە نمونەو لە شـــیعری (با ڕزگار بین) دا دەڵێت:

**بڕۆین بڕۆین تـا دەتوانین**
**بەرەو ئاسۆی گەش بڕوانین**

دیوانی عەونی، ٢٣٥

لەم دێڕەدا دەبینین شـــاعیر كاری (بڕۆین) لە نیوە دێڕی یەكەم دووجـار پاتكردۆتەوە، بێ ئەوەی وشـــە پاتكراوەكان بخرێنە پاڵ شـــتێك، بەمەش شـــاعیر مەبەســـتی پاتكردنەوەكەی جەختكردن و دڵنیابوونەیە لەســـەر كاری ڕۆیشـــتن بۆیە دەبینین شاعیر هاتووە لەسەرەتای دێڕەكەوە پاتكردنەوەكەی كردووە.

### ٢,٢,٣ گێڕانەوە – الترديد - Trilling:

بریتییە لە بەكارهێنانی چەند جارەی وشـەیەك، یان دەســتەواژەیەك بەو مەرجەی هەر جارەی لەپاڵ شـــتێكەوە هاتبێت). (ئیدریس عەبوڵڵا: ٢٠١٢: ٤٠). واتا جیا دەبێت لە هونەری پاتكردنەوە هەرجارەی وشـەكە دەدرێتە پاڵ وشـەیەكی تر بەمەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنان و دروســتبوونی ئەم هونەرە، عەونی شـاعیر بەشـێوەیەكی بەرچاو گرنگی و بایەخی بەم هونەرە داوە و بەكاریهێناوە... بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (بەختیاری) دا دەڵێت:

**نە ژێر دەست بم نە كەس ژێر دەستی من بێ**
**نە داگیركـــــەر نـــە خــــاك داگیركراو بم**

دیوانی عەونی، ٥٨

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین چوار جار ئامرازی (نە) هاتووە، هەر جارەی خراوەتە پاڵ شتێك، جارێك لە پاڵ (ژێر دەست، كەس، داگیركەر، خاك)، بەمەش هونەری (گێڕانەوە) بەرهەم هاتووە.

شاعیر لە نمونەیەكی تر و لە شیعری (تكا كارم) دا دەڵێت:

**ڕەز و باغات و دار و كـــــــانی ئاوی**
**هەموو سیس و هەموو زەرد وشك بوو**

دیوانی عەونی، ٧١

بە هەمان شـــێوە لەم دێڕەشـــدا دەبینین وشـــەی (هەموو) دووجار هاتووە، هەر جارەی خراوەتە پاڵ شتێك ئەوانیش (سیس و زەرد)ن، بەمەش هونەری (گێڕانەوە) دروستبووە. شاعیر لە شیعری (ئەی شەهیدان) دا دەڵێت:

**پێكەوا تێكڕا وا هاوار دەكەن**
**تف لە ڕەوشتی ئیستعمار دەكەن**
**نەعلەت لە ڕووحی گشت زۆردار دەكەن**
**میللەت لە دیلی زوو ڕزگار دەكەن**
**دیموكراتیەت چاوەنواڕ دەكەن**

دیوانی عەونی، ١١٨

لەم پارچە شـــیعرەدا دەبینین وشـــەی (دەكەن) لەكۆتایی هەموو نیوەدێڕەكاندا (٥) جار هاتووە و گێڕدراوەتەوە، هەر جارەی خراوەتە پاڵ وشـــەیەك ئەوانیش (هاوار، ئیســـتعمار، زۆردار، ڕزگار، چاوەنواڕ)، بەمەش پلەی جوانی و كاریگەریی شـــیعرەكە بەهێز دەكەن.

### ٢,٢,٤ هێنانەوە – رد الصدر على العجز- Sadr's response to the deficit:

بریتییە لە بوونی دوو وشـــەی پاتكراو، یان هاوشـــێوە، یان هاوڕەگەز، یەكێان لەســـەرەتای نیوە دێڕی یەكەم، یان ناوەڕاســـت دێت، وشـەكەی تریش یا ئەوەتا لە كۆتایی نیوە دێڕی یەكەم، یان كۆتایی دێڕ دێت. (الأســـتاذ الدكتور فچل حســـن عبـاس: ٢٠٠٩: ٣٦٠). شـــــاعیر توانیویەتی ئەم هونەرە زۆر بە لێهـاتوویی و ســەركەوتوانە بەشـێوەیەكی بەرچاو لەنێو دەقە شـیعرییەكانیدا بەكاربهێنێت و توانیویەتی ئەو دوو وشـــەیەی كە ڕۆڵی ســـــەرەكی دەبینن لەنێو دێرەكاندا هەموو جۆرەكانی بەكاربهێنێت و بە نموونەی جوان و بەپێز ڕازاندویەتییەوە،

بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (خەونی سەربەستی) دا دەڵێت:

**هەر لە ڕێبازی خــــــەباتا پیری ئیرشادم دەوێ**
**من گەلێكی سەربەخۆ و سەربەست و ئازادم دەوێ**

دیوانی عەونی، ٧٧

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین ئەو دوو وشەیەی هونەرەكەیان دروستكردووە بریتیین لە وشـــەی (دەوێ)، وشـــەیەكیان كەوتۆتە كۆتایی دێڕەكە و ئەوی تریشـــیان كەوتۆتە كۆتایی نیوە دێڕی یەكەم، بەمەش هونەری هێنانەوە بەرهەم هاتووە.

لە شیعری (لەم كۆڵبەی ئەحزانە) شاعیر دەڵێت:

**ئەی دڵ بە خەتا تاكەی، مایل بە خەتا كاری؟**
**دوێنێكە دەمێكم بوو، ئەمڕۆ نە دەمێكم بـوو دیوانی**

عەونی، ١٦٧

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین ئەو دوو وشەیەی هونەرەكەیان دروستكردووە بریتیین لە وشـــەی (بوو)، وشـــەیەكیان كەوتۆتە كۆتایی دێڕەكە و ئەوی تریشـــیان كەوتۆتە ناوەڕاســـتی نیوە دێڕی دووەم، بەمەش هونەری (هێنانەوە) دروسـتبووە... شـاعیر لە شیعری (بەد ڕەوشتی) دا دەڵێ:؛

**زۆر جیاوازی لە ئێستاو دەوری ڕابردوو هـــــــەیە**
**تـاج لە بۆ سەر بوو، بەڵام ئێستاکە هەر بۆ پێیە تاج**

دیوانی عەونی، ٢١٥

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین ئەو دوو وشەیەی هونەرەکەیان دروستکردووە بریتییە لە وشــەی (تاج)، وشــەیەکیان کەوتۆتە کۆتایی دێڕەکە و ئەوی تریشـــیان کەوتۆتە سەرەتای نیوە دێری دووەم، بەمەش هونەری هێنانەوە بەرهەم هاتووە.

### ٢,٢,٥ کەرتکردن – التشطیر:

بریتییە لە دابەشـــکردنی هەر دێڕە یان نیوە دێڕە شـــیعرێکە بە چەند کەرتێکی سـەرواداراوە و سـەرباری بونی سـەروای گشـتی شیعرەکە ئەو کەرتانە هاوسـەروا دەبن و زۆرجاریش هاوکێش دەبن. (عەبدولســـەلام ســـالار: ٢٠٠: ١٥٨). بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (هونەری جوان) دا دەڵێ:

**هەڵبەست و وێژە، مۆسیقاو وێنە**
**هونەری جوانن، هەرسێ بێ وێنە**

دیوانی عەونی، ٢٢٧

لەم دێڕەدا دەبینین شاعیر دێڕە شیعرەکەی کردوە بە چوار کەرتەوە، کەرتی یەکەم و دووەم لەنیوە دێری یەکەم لەگەڵ کەرتی دووەم لە نیوە دێری دووەم هاوکێش و هاوسەروان، بەمەش هونەری کەرتکردن بەرهەم هاتووە.

شاعیر لە نمونەیەکی تر و لە شیعری (با ڕزگار بین) دا دەڵێت:

**نە خوێن مژین، نە زۆر داری**
**نە بێ کاری، نە هــــــــەژاری**

دیوانی عەونی، ٢٣٥

شــــاعیر ئەم دێڕەشی کردووە بە چوار لەتەوە، لەتی دووەم لە نیوە دێڕی یەکەم و لەتی یەکەم و دووەم لە نیوە دێری دووەم هاوکێش و هاوســەروان، بەمەش هونەری کەرتکردن بەرهەم هاتووە.

### ٢,٢,٦ تێکهەڵکێش – التضمین - Inclusion:

هونەرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری وشـــەیی و شــــاعیران لەنێو دەقە شـیعرییەکانیان گرنگیان پێداوە و چەندین پێناسـەیان بۆ کردوە لەوانە (عەزیز گەردی) بەمجۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: (( تێکهەڵکێشی ئەوەیە شاعیر دەقێکی ئەدەبی بێ دەســـتکاری لەناو شـــیعری خۆی بەکاربێنێت بە مەرجێ دەقەکە بگـاتە ڕادەی ڕستەیەکی تەواو)). (عەزیز گەردی: ١٩٧٥: ٩٩)

ئەوەیە شـاعیرێك دێڕێك یان نیوە دێڕێکی شـیعری شـاعیرێکی ناودار تێکەڵ بە شـــیعرەکەی خۆی بکات و ئاماژە بە وەرگرتنەکەی بکات و بیخاتە کەوانەوە ئەگەر شـاعیرەکە ناسراو نەبوو. (عەلائەدین سـوجادی: ١٩٨٦: ١٥٦). بۆ نمونە شـاعیر لە شیعری (تکا کارم)دا دەڵێت:

**کەچی (وەك ئاگری ژێر کاین لەگەڵ یەك)**
**بە ڕەحمەت بێ کە (حاجی) ڕاستی فەرموو!**

دیوانی عەونی، ٧٣

لەنیوە دێری یەکەمدا دەبینین لە بنەڕەتتدا خۆی پەندێکی کوردییە، حاجی قادری کۆیی هاتووە تێکهەڵکێشی شـیعرەکەی خۆی کردووە، بەڵام دەبینین عەونی ئەم نیوە دێڕەی لە حاجی قادر وەرگرتووە و تێکهەڵکێشـــی شـــیعرەکەی خۆی کردووە، بۆیە هەروەك دەبینین ئـامـاژەی بە ناوی حـاجی کردووە، بەمەش هونەری تێکهەڵکێش بەرهەم هاتووە.

شاعیر لە پێنج خشتەکییەك کە لەسەر شیعرێکی (نالی) دا نوسیویەتی دەڵێت:

**نیشتمانم کە سەراسەر گوڵ و بـاخ و چەمەنە**
**لالە زارێکە هەمووی سوسن و شەوبۆ و سەمەنە**
**هەر کەسێك دژ بێ بە خاك و گەلەکەی ناڕەسەنە**
**دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خــــــــاکی وەتەنە**
**خاڵی لەعلی حەبەشە، ســــاکینی بوردی یەمەنە**

دیوانی عەونی، ٣٤٩

لەم پێنج خشتەکییەدا دەبینین شاعیر دێڕە شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد نالی وەرگرتوە و تێکهەڵکێشـــی شـــیعرەکەی خۆی کردوە و لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بەوە کردوە کەوا ئەم دێڕەی لە فلانە شـاعیر وەرگرتوە، بەمەش دەبینین جۆرە شـیعرێك و شێوەیەکی تری جوانی ئەدەبی هاتۆتە ئاراوە، لەم پێنج خشـتەکییەدا دەبینین سێ نیوە دێڕی یەکەم هی (عەونی) شـــاعیرە و دوو نیوە دێڕەکەی تر هی (نالی) یە، بەمەش دەبینین هونەری تێکهەڵکێش بەرهەم هاتووە، زۆر نمونە و شـــیعری تری لەم جۆرە هونەرە هەیە بەڵام ئێمە لێرە کۆتایی پێدێنین لەبەر هونەرەکانی تر.

### ٢,٢,٧ مولەممەع

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی، شاعیران گرنگی و بایەخیان بەمجۆرە هونەرە داوە، لەم جۆرەیاندا جوانییە ئەدەبییەکە لەوەدایە کەوا شاعیر جگە لە زمانە شـیرینییەکەی خۆی زمانی بێگانەی تێکهەڵکێشـی شـیعرەکەی خۆی دەکات، عەونی شـاعیریش لە مجۆرە هونەرەدا شـیعرێکی حافزی شـیرازی کە بە زمانی فارسی و عەرەبی دایناوە تێهەڵکێشـی شـیعرەکەی خۆی کردوە و بۆ هەر نیوە دێڕێك نیوە دێڕێکی بە زمانی کوردی بۆ داناوە، بۆ ناسـاندنی ئەم جۆرە شـیعرە (ئیدریس عەبدوڵڵا) بەمجۆرە پێناسـەی بۆ کردوە ((مولەممەعی تێهەڵکێشرـاو ئەو مولەممەعەیە. کە دێڕ و نیوە دێڕەکانی بەچەند زمانێك نوسرابن. هی ئەوەندە کەس و لایەنەیە)). (ئیـدریس عەبـدوڵڵا: ٢٠١٢: ٦٨). بۆ نمونە عەونی لە شـــیعری (تێهەڵکێش لە شیعری حافزی شیرازی) دا دەڵێت:

**بە خوێنی دڵ کە نووسیم بۆ لای نیگارم نامە**
**(إنـــی رأیت دهرا. هـــجرك الـقـــیامـه)**
**هەرچەند سەرو بنم کرد. هیچ فائیدەی نەبەخشی**
**(مـــن جــرب المجرب. حلت بـه الندامــــــــه)**
**لە دێڕی شەشەم دەبێتە فارسی:**
**پێویست نیە کە بیڵێم دەردی دەرونی زارم**
**(خود میشود محقق از اب چشم خـــامـه)**
**لە کۆتا دێڕدا دیسان دەبێتەوە عەرەبی:**
**(حافظ)کە ویستی (عەونی) جامێ شەڕاب لە ساقی**
**(حتـی یذوق منـــه کـــأسا مـــن الکـــــرامه)**

دیوانی عەونی، ٣٨٥

**٢،٢،٨ بوونی پێویستە – لزوم ما یلزم:**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، شاعیران گرنگیان پێداوە و لە نێو دەقە شیعرییەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، شارەزایانی ڕەوانبێژی بەمجۆرە پێناسەیان بۆ کردوە: بریتییە لە وەك یەکی و هاوشێوە هاتنی پیتێك. یان چەند پیتێکی بەر ئەو پیتەی. کە لە هۆنراوەدا ڕووی "سەروا" و لە پەخشاندا "سەروادار" دروستدەکات.ئەمەش "سەروا" و "سەروادار" ەکان لە شێوە جوان و ڕێکتر دەکات. خۆشتر گۆ دەکرێن. بەر لە گەیشتنمان بە کۆتایی ڕستە. یان دێرە شیعرییەکە دەزانین کۆتایی بەچی دێت. (ئیدریس عەبدوڵلا: ٢٠١٢: ٤٨)

بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (بە توندی پێ مەنێ) دا دەڵێ:

**بە توندی پێ مەنێ سەر خـــــاك و ئەندامی نیگارێکە**
**نەکەی پێ ی دا بڕۆی چونکە لە جەستەی چەند هەزارێکە**
**بە سووکی تێ مەگە ئەم خاکە لاتـــان زۆر بە قیمەت بێ**
**هەمووی هەر خاکی دەست و پێ و چـــــاوو لێوو زارێکە**
**ئەگەر تۆ هەڵکەنی سا ناو دڵی خـــــاك بۆت بەدەربێخی**
**چ جێگای ئـــاوەدانـــی بێ، چ جێگـای شەوێنە وارێکە!**

دیوانی عەونی، ١٩٤

لەم شیعرەدا دەبینین وشەکانی (نیگارێکە، هەزارێکە، زارێکە، شوێنەوارێکە) سەروای شیعرەکەن. پیتی (ر) ڕەوییە، (ێکە) لە دوای پیتی (ر) هاتون لە هەموو شیعرەکەدا پاش ڕەوین پیتی (ا) لە پێش پیتی (ر) پێش ڕەوییە و بوونی پێویستەیە. لە کۆتایی هەموو دێڕەکانی تری شیعرەکە بەمجۆرەیە کە باسمان کرد.

**٢،٣ جوانکاریی واتایی – البدیع المعنوی:**

ئەمجۆرەیان جۆری دووەم و تەواوکەری جۆرەکانی زانستی جوانکارییە و لەواتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لەڕووی جوانکارییەوە دەکۆڵێتەوە. ئەمجۆرەشیان چەندین هونەری تایبەت بەخۆی لێ دەبێتەوە وەکو: دژیەك، جوانی بایس، کۆکردنەوە، پۆشین، ...هتد. لەخوارەوە بە نموونەی شیعری دەیانخەینە ڕوو:

جۆرەکانی جوانکاری واتایی لە شیعری شاعیردا:

**٢،٣،١ دژیەك – التضاد - Antithesis :**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی و بنەمایەکە بۆ بنیاتنانی مۆسیقای ناوەوەی شیعر و شاعیر لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا پەنای بۆ دەبات و بەکاری دەهێنێت، بۆ نا ساندنی ئەم هونەرە دەتوانین بڵێین: (بریتییە لە بەکارهێنانی دوو وشە یان زیاتر کە لە ڕووی واتاوە پێچەوانە (دژ)ی یەکترن نەك لە ڕووی دارشتنی زمانەوانییەوە). (صافیە محمد ئەحمەد: ٢٠١٤: ١٠٤). هونەرێکی جوانکارییە، هێنانی دوو شتی نەگونجاو و دژە لە بەرامبەر یەکدا دەوەستێنرێت و دوو جەمسەری هەیە، ئەمەش ڕادەی هەست و سۆزی شاعیر دەردەخات، کە بۆ وروژاندن بەکاری دەهێنێت، کۆکردنەوەی دوو وشەی دژ بەیەکە لە واتادا دەگەیەنێت. (د.عبدالواحید مشیر دزەیی:٢٠١٥: ١١٩). ئەم هونەرە دەبێت بە دوو بەشەوە ئەوانیش (دژیەکی فەرهەنگی و دژیەکی نافەرهەنگی)، لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین هەردوو بەشەکە بە نموونەی شیعری بخەینە ڕوو.

**أ. دژیەکی فەرهەنگی – التضاد الإیجاب:**

ئەو دژیەکەیە کە دوو وشەکان لە فەرهەنگی زمانەوە هەر یەکە بەجیا ڕەگێکی سەربەخۆیی خۆی هەیە.. بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (یاری من) دا دەڵێت:

**وەکو خەوی منە چاوت لە خەوایە شەو و ڕۆژ**
**چەندە ئازاری بە من داوە خەوی لێم دزی یە**

دیوانی عەونی، ٢٥٥

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەیەی دژیەکی فەرهەنگیان دروستکردوە، بریتین لە وشەکانی (شەو، ڕۆژ)، کە هەر یەکێکیان لە فەرهەنگدا ڕەگێکی سەربەخۆ و جیایان هەیە، بەمەش دژیەکی فەرهەنگی دروستبووە.

لە نموونەو لە شیعری ( چوارینەکانی) دا دەڵێت:

**ڕۆژگـار خـۆی بەدخووە هـەر حەز لە دڵگیری دەکا**
**درۆیە یـــادی میهرەبـانی و ئـاقڵی و ژیری دەکـــا**
**کاکە دەروێش دەرفەتە ئەو شیعری (عەونی) و بۆ بڵێ**
**بـــاسی ژینی کـــاتی لاوی و سەردەمی پیری دەکـــا!**

دیوانی عەونی، ٤٠٥

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەیەی دژیەکی فەرگیان دروستکردووە، بریتین لە وشەکانی (لاو، پیر)، کە هەر یەکێکیان لە فەرهەنگدا ڕەگێکی سەربەخۆ و جیایان هەیە، بەمەش دژیەکی فەرهەنگی دروستبووە.

**ب. دژیەکی نا فەرهەنگی – التضاد السلب:**

ئەو دژیەکەیە کە یەکێك لەو دوو وشانەی دژیەکەکە دروست دەکەن یەکێکیان نەفی ئەوی تریانە، واتا پێچەوانەی دژیەکی فەرهەنگی هەردوو وشەکان لە فەرهەنگی زماندا یەگ ڕەگیان هەیە، نەك دوو ڕەگی سەربەخۆ.. بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (ڤینۆس) دا دەڵێت:

**تۆ وەك من نەکەی کە ڕووی نەزانی**
**خۆت بە پێشەوای جوانان بـــزانی**

دیوانی عەونی، ٢٩٠

لەم دێڕەدا ئەو دوو وشەیەی دژیەکی نافەرگیان دروستکردووە، بریتین لە وشەکانی (نەزانی، بزانی)یە کە یەکێکیان نەفی ئەوی تریانە و هەردووکیان لە فەرهەنگدا یەك ڕەگیان هەیە ئەویش (زانین)ە.. بۆ نموونە شاعیر لە چوارینی (خۆزگە) دا دەڵێ:

**گیان بەخت کەم هەموو کاتێ**
**دەستی بەدکـــــاری نەگاتێ**
**بـــۆ گـــەیشتن بەم هیوایە**
**دەچمە ڕێی هات و نەهـــاتێ**

دیوانی عەونی، ٢٦٩

لەم چوارینەشدا ئەو دوو وشەیەی دژیەکی نافەرگیان دروستکردوە، بریتین لە وشەکانی (هات، نەهات)ە، کە یەکێکیان نەفی ئەوی تریانە و هەردووکیان لە فەرهەنگدا یەك ڕەگیان هەیە.

**٢،٣،٢ تیلنیشان – التلمیح - Periphrasis:**

یەکێکە لەو هونەرەی کەوا لای زۆربەی شاعیران باسی لێوە کراوە و بایەخی

پێدراوە، لای (عەونی) پێگەیەکی تایبەتی لە نێو دەقەکانیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، بۆ پێناسەی ئەم هونەرە نوسەری عەرەب (محمد سلگانی) بەمجۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لەوەی کاتێك نوسـەر بە دەربڕینێکی کورت ئاماژە بۆ هەواڵێك یان چیرۆکێك یان پەندێك یان شـیعرێك دەکات کەوا واتایەکی زۆر لە خۆی بگرێت، بەمەرجێك ئاماژە پێکراوەکە لای گوێگر ناسراو بێت، واتە لەوانە بێت کەوا وەك (ڕەمز) لە گۆڕەپانی ڕەخنەو زاراوەسـازیدا ناسراو بن)). (محمد علی سـلطانی، : ٢٠٠٨: ١٥٨). هەروەها (ئیدریس عەبدوڵڵا) بەمجۆرە پێناسـەی ئەم هونەرە دەکات و دەڵێـت: ((بریتییە لە ئـاماژەدانی شـاعیر، بە ئـایەتێکی قورئـانی پیرۆز، یان فەرمودەیەك، یان پەندێکی پێشـینان و ڕوداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داسـتان و بەسـەرهات و هەر شـتێکی تری هاوشـێوە، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شـتێ دەکات، لەسـەری بوەسـتێ و بەدرێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسـەریاندا تێدەپەڕێت)). (ئیدریس عەبوڵڵا:٢٠١٢: ١٣٧). بۆ نمونە شـاعیر لە شیعری (لاوانی کورد) دا دەڵێت:

**مەگەر لاوانی کورد وابوون بە مەنسوور**
**لەسەر لەفزی (انا الحق) چوونە سەردار**

دیوانی عەونی، ٦٤

لەم دێڕەدا دەبینین شـاعیر ئاماژەی بۆ ئەو ڕووداوە کردووە کەوا (مەنسـووری حەلاج) لەسەر وشە و ئەو دەربڕینەی کە وتی (انا الحق) بووە هۆی لە سێدارەدانی، لێرەدا دەبینین شـاعیر تەنها ئاماژەی پێکردوە و لەسـەری نەوەسـتاوە تاوەکو درێژە بە ڕووداوەکە بدات، بەمەش (تیلنیشان) دروستبووە.

عەونی لە نمونەیەکی ترو لە شیعری (دوژمنی بەدکار) دا دەڵێ:

**سەرگوزەشتەی قەیس و لەیلا باس مەکە بۆ من ڕەقیب**
**داستـانی زیـن و مـەم، شیرین و فـەرهـادم دەوێ**

دیوانی عەونی، ٧٧

لەم دێڕەدا دەبینین شـاعیر لەنیوە دێڕی دووەمدا تەنها بە ئاماژەکردنێك بەناوەکانی (داسـتانی مەم و زین) و (شـیرین و فەرهادی) کردوە و بەس، نەهاتووە داسـتانەکان ڕوون بکاتەوە، تەنها لەسـەر ناوهێنانی داسـتانەکان وەسـتاوە و بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێپەڕیوە، بەمەش هونەری (تیلنیشان) بەرهەم هاتووە.

### ٢,٣,٣ بەرامبەری – المقابلە

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی، بریتییە لە هێنانی چەند وشەیەك بەدوای یەکدا، ئینجا هێنانی دژەکانیان. بەرامبەری وەك دژیەك وایە، بەڵام جۆرە دژیەکێکی تایبەتە، چونکە لە دژیەکدا تەنیا یەك وشە دێت و ئینجا دژەکەی بەدوادا دەهێنرێت، بەڵام لە بەرامبەریدا لە پێشـدا چەند وشـەیەك بە دوای یەکدا دێن، ئینجا یەکە یەکە بەرێکی دژەکانیـان بەدوادا دەهێنرێـت)). (عەزیز گەردی: ١٩٧٥: ٧٤-٧٥). هەروەهـا نوسـەری عەرەب (عبدالعزیز عتیق) بەمجۆرە پێناسـەی ئەم هونەرە دەکات و دەڵێت: ((هێنانی دوو واتایە یان زیاتر، دواتریش بەپێی ڕیزبەندی بەرامبەرەکانیان بهێنیتەوە)). (عبدالعزیز عتیق: ٢٠٠٤: ٦٦). بۆ نمونە شـاعیر لە شـیعری (فریشـتەی ئاشـتی) دا دەڵێت:

**با لە جێگای نرکەی تۆپ و تەق و تۆقی تفەنگ**
**بەزم و هەڵپەڕکێ و گۆرانی لە جێ ی بکرێتەوە**

دیوانی عەونی، ١٩٨

لە نیوەدێڕی یەکەمـدا دوو وشـەی (نرکەی تۆپ) و (تەق و تۆق تفەنـگ) هاتوونە، لە پاشـان بەدوای ئەوان دوو وشـەی تر بەرێکی لەنیوە دێڕی دووەم بەرامبەریان هاتووە، کە بریتیین لە (بەزم هەڵپەڕکێ) و (گۆرانی) هاتون وەسـتاون، کە پەیوەندی نێوان ئەم وشانە لەگەڵ یەکتری (دژیەکی) یە، بۆیە بەم هونەرە دەوترێت (بەرامبەری ڕێك )

**لە نمونەیەکی تر و لە شیعری (بای شەماڵ) دا دەڵێت:**
**کون کون و لەت لەتە جەرگ و دڵی من بەر لە دەمێ**
**بە تیری ئـاوێژی بـژانگ و چ بە شمشێری برۆی**

دیوانی عەونی، ٢١٠

لەم دێڕەشدا دەبینین شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو وشەی (جەرگ) و (دڵ) ی هێناوە، لە پاشان بەدوای ئەواندا لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو وشەی (تیری ئاوێژ بژانگ) و (شمشێری برۆی) هێناوە بەرامبەر بە وشـەکانی نیوە دێڕی یەکەم بە ڕێك و هاتون وەستاون، بەمەش هونەری (بەرامبەری) دروستبووە.

### ٢,٣,٤ ڕوونکردنەوە – التفسیر:

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی و لە لایەن شـاعیرانەوە بایەخی پێدراوە، عەونی شـاعیریش ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، بۆ پێناسـەی ئەم هونەرە (ئیدریس عەبدوڵڵا) بەمجۆرە پێناسـەی دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لەوەی شـاعیر، یان نوسـەر دوای ئەوەی باس لە شـتێکی دیاریکراو دەکات، دواتر پرسـیار بۆ شـتەکە دروسـت دەکات و بە وەڵامی پرسـیارەکە شـتەکە چاکتر ڕوون دەکاتەوە، بۆ تێگەیشـتنی بەرامبەر)). (ئیدریس عەبوڵڵا:٢٠١٢: ١٦٥). شـاعیر لە شـیعری (چوارینەکانی عەونی) دا دەڵێت:

**گوتی: زوڵفم؟ گوتم: داوی بەڵایە**
**گوتی: ئەبێ ڕۆم؟ گوتم: تیغی فەنایە**
**گوتی: کوڵمم؟ گوتم: بۆ شەو چرایە**
**گوتی: لێوم؟ گوتم: کانـی بەقایە**

دیوانی عەونی، ٣٩٦

لەم چوارینەدا دەبینین شـاعیر وەسـفی هەموو ئەو شـتانەی کردوە کەوا خۆشەویستەکەی پرسیاری لێکردوە و شاعیریش بەوەسفێکی جوان وەڵامی داوەتەوە و زۆر بە جوانی بۆی ڕوونکردۆتەوە، بەوەی زوڵفی وەکو داوی بەڵایە، ئەبرۆی وەکو تیغی فەنا وایە و، کوڵمی چرایە و لێوی کانی بەقایە، بەمەش هونەری ڕوونکردنەوە بەرهەم هاتووە .

### ٢,٣,٥ جوانی بایس – حسن التعلیل:

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری و لە لایەن شاعیرانەوە گرنگ و بایەخی پێدراوە، ئەم هونەرەش پێناسـەی زۆری بۆ کراوە لەلایەن شـارەزایانی ڕەوانبێژییەوە، لەوانە (احمد الهاشمی) بەجۆرە پێناسەی ئەم هونەرە دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لەوەی نوسەر هۆیەکی زانراوی شتێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگوێ بخات و بێت هۆیەکی تری بۆ بهێنێتەوە، هەر بۆ جوانی و وردبینییەکی وای تێدا بێت لەگەڵ مەبەستەکە بگونجێ)). (السید احمد الهاشمی:٢٠٠٨: ٢٣٩). عەونی شاعیریش

ئەم هونەرەی لە نێو شیعرییەكانیدا بەكارهێناوە و ڕەنگی داوەتەوە.

بۆ نمونە لە شیعری (ئابڕوی تكا) دا دەڵێت:

**پەرچەمی لادا لەسـەر ڕووی وەك چرای دڵ تێكەبێ**
**چەشنی پەروانە دەبێ شەو مەشقی مەرگی خۆی بكا**

دیوانی عەونی، ١٥٠

لە دێڕەدا دەبینین شـاعیر باس لە جوانی ڕووی یار و جوانی خۆشـەویسـتـەكەی دەكات بەوەی ئەو كاتەی یار پەرچەم لەسـەر ڕووی خۆی لادەدا، ڕووی وەك چرا گەش و ڕووناك دەبێت، دڵ تێ دەگات لە داخا وەكو چەشـنی پەروانە دەبێ شـەو مەشـقی مەرگی خۆی بكات، واتە هۆكار و مەشـقی مەرگ وەكو پەروانە لەبەر دەركەوتنی ڕووی یار بووە، كە وەكو چرا گەش بۆتەوە.

لە نمونەیەكی تر و لە شیعری (یاری من) دا شاعیر دەڵێت:

**لەو دەمە تۆ بە چەمەن دا گوزەرت كردو گوڵیش**
**ڕەنگی گۆڕاوە لە بـازار بڕەوی دا بـەزی یە**

دیوانی عەونی، ٢٥٥

### ٢،٣،٦ كۆكردنەوە – الجمع :

ئەم هونەرە یەكێكە لەو هونەرانەی كەوا شاعیر توانیویەتی لە شیعرەكانیدا تارادەیەك بەكاری بهێنێـت و جوانی و جۆرێكی تری لەجوانكاری واتایی خزانـدۆتە نێو بەرهەمەكانی، بۆ ناسـاندنی ئەم هونەرە نوسـەری بەناوبانگی عەرەب (السـید احمد الهاشمی) بەمجۆرە پێناسەی دەكات و دەڵێت: (( بریتییە لەوەی قسەكەر زیاتر لە چەند شتێك كۆبكاتەوە لەژێر فەرمانی یەك شتدا)).( السید احمد الهاشمی: ٢٠٠٨: ٢٤٤). بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (لە شوێن چی دەچێ) دا دەڵێت:

**فریبی چاوی مەستی قەت مەخۆ ئەم شۆخە عەییارە**
**وەفـا و عـەهد و بەڵێنی هـەر درۆیە ناوە دەیزانم**

دیوانی عەونی، ١٦١

شـاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا دەبینین وشـەكانی (وەفا) و (عەهد) و (بەڵێن) ی لەژێر بڕیاڕی یەك شتدا یان یەك حوكمدا كۆی كردونەتەوە ئەویش وشەی (درۆ)یە، بەمەش هونەری (كۆكردنەوە) بەرهەم هاتووە .

لە نمونەیەكی تر و لە شیعری (كرداری فەلەك) دا دەڵێت:

**لەعل و مرواری و یاقووت، هەموویان بێ بڕەون**
**مس و پاڤڵ بوونەتە، زێڕی خوڵاصەیی مەحەك**

دیوانی عەونی، ١٨٥

شاعیر لە نیوە دێڕی یەكەمدا دەبینین وشەكانی (لەعل) و (مرواری) و (یاقووت) ی لەژێر بڕیاڕی یەك شـتدا یان یەك حوكمدا كۆی كردونەتەوە ئەویش وشـەی (بێ بڕەون)ە، بەمەش هونەری (كۆكردنەوە) بەرهەم هاتووە .

### ٢،٣،٧ پۆشین – التوریە :

هونەری پۆشـین یەكێكە لەو هونەرانەی كەوا شـاعیر توانیویەتی گرنگی بەم جۆرە هونەرە بـدات و لەنێو بەرهەمەكانیـدا ڕەنگبـداتەوە، بۆ پێناسـە كردنی ئەم هونەرە (مصطفی عبدالقادر مصطفی) بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەكات و دەڵێت: ((بریتییە لەوەی وشـەیەك بێنێت دوو واتای هەبێت، یەكێ نزیك، یەكێ دوور، مەبەسـت لەم وشـە دوو واتایە واتا دوورەكە مەبەسـت بێت)). ( مصطفی عبدالقادر مصطفی: ٢٠٠٦: ٦٣).. بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (چاوی خومار) دا دەڵێت:

**باخەوان لێم مەبە دڵگیر كە لە باخت دەگەڕێم**
**هیچ نیازم نی یە هەر سێو و هـەنارم گەرەكە**

دیوانی عەونی، ١٧٢

لەم دێڕەدا دەبینین شـاعیر لە نیوە دێڕی دووەم وشـەی (سـێو) لەگەڵ (هەنار)ی هێناوە دوو واتای هەیە، یەكێ دوور یەكێ نزیك، مانا نزیكەكە ئاشـكرایە كە خوێنەر ئەمە دەبیستێت بیری بۆ سێو یان هەنار دەچێت كەوا شاعیر دەیەوێت لە باخەكەدا بیبات، بەڵام واتا دوورەكە كە زیاتر مەبەسـتی شـاعیر لەمەیانە (سـێو و هەنارەكە) مەبەسـت لێی (مەمكە) كە واتا دوورەكەیە، واتاكە بە پۆشراوی ماوەتەوە خوێنەر پێویستی بەبیركردنەوە هەیە تاوەكو بتوانێت بیری بۆ واتا دوورەكە بچێت .

### ٢،٣،٨ زیادەڕەوی – المبالغە :

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری واتایی و شـاعیران بایەخیان بەو هونەرە داوە و لەنێو دەقە شـیعرییەكانیان بوونی خۆی وەكو هونەرێكی جوان و كاریگەر لە پاڵ ئەو وەسفەی كە شاعیر لە بەرامبەر خۆشەویستەكەی بێت یان هەر شتێك سەلماندوە، ئەم هونەرە زۆر لە زانایانی ڕەوانبێژی پێناسەیان بۆ كردوە٠ لەوانە (الخطیب القزوینی) دا دەڵێت: (( ئەوەیە كە وەسفكردنێك بگاتە ڕادەیەكی مەحاڵ)). (الخطیب القزوینی: ١٩٣٢: ٣٧٠). هەروەها (موحەمەد سـەعید ئیبراهیمی) یش بەمجۆرە پێناسـەی ئەم هونەرە دەكات و دەڵێت: (( بویژ داو خوای (مدعی) گەیشتنی شتێ یان چونییەتێك بێ لە شـیدەت و زەعیفی دا تا ڕادەیەك دور لە عەقڵ بێ)).(موحەمەد سـەعید ئیبراهیمی: ٧٥ .)

شاعیر لە شیعری (دڵم تاكەی دەڕەنجێنی) دا دەڵێت:

**ئەمن ئاوی حەیاتم بۆ چی یە تازە لە بی یارم**
**بە ماچێكی ژیانێكی دووبـارەم بۆ دەڕەخسێنێ**

دیوانی عەونی، ٢٦٣

شـاعیر لەم دێڕەدا باس لە هونەری زیادەڕەوی دەكات بەوەی دەڵێ من ئاوی حەیاتم بۆچییە، وتراوە ئەوەی ئـاوی حەیات بخواتەوە تا هەتایە هەر بە زینـدوویی دەمێنێتەوە و نامرێت، بەڵام شـاعیر لێرەدا وەكو زیادەڕەوییەك بەرامبەر بە ئاوی حەیات، خۆشـەویسـتەكەی ماچێك لە لێوی تازەی جوان و ناسـكەكەی داوەتە شاعیر، لەبەرامبەر ئەم ماچەدا بۆ شاعیر وەكو ئاوی حەیات وایە و پێویستی بە ئاوی حەیات نییە، واتە لای شاعیر ماچی لێوی یارەكەی باشتر و خۆشترە بەوەی ژیانێكی تازەی پێ دەبەخشـێت لەبەرامبەر ئـاوی حەیات، بەمەش هونەری زیادەڕەوی دروستبووە .

### ٢،٣،٩ ئیقتیدا:

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاریی، ئەمجۆرەیان دەچێتە خـانەیەكی تر لە جوانكاریی جیـایە لەگەڵ هونەرەكانی تر، چونكە لەم هونەرەدا هەردوو جۆری جوانكارییەكە تێكەڵ بە یەكتری دەبن هەروەك (ئیـدریس عەبـدوڵڵا) لە كتێبەكەی (جوانكاری شـیعری نوێی كوردی) ئاماژەی بۆ كردوە، بەمجۆرە پێناسـەی ئەم هونەرەی كردوە و دەڵێت: (( ئەوەیە شـاعیر لە دێڕەكانی خۆیدا شـوێنپێی شـاعیرێكی

پێشــــە خۆی هەڵگرێتەوە، ئەو چۆنی نوســـیوە، ئەمیش بە هەمان شـــێوەی ئەو بنوســـێتەوە، بەڵام بێگومان بە واتایەكی نوێ، چونكە ماوەی نێوان دوو شـــاعیرەكە، هۆكارە بۆ بەرەوپێشــچونی مەبەســـت لە یەكەمەوە بۆ دووەم)). (ئیدریس عەبدوڵڵا: ٢٠١٢: ١٧٥). بێگومان عەونی شـاعیریش لەمجۆرە هونەرە نمونەی شـیعری زۆرە و توانیویەتی زۆر سەركەوتوانە بەكاری بهێنێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كەوا شـــاعیری دووەم كاریگەر دەبێت بە شـــاعیری یەكەم و توانا و لێهاتوویی خۆی بەدەردەخات كەوا دەتوانێت بە هەمان شێوە دەقی شیعری، بەڵام بەشێواز و رواڵەتی نوێوە جا لەرووی روخسار بێت یان ناوەڕۆك بەرهەمی ئەدەبی لەسەر شاعیرانی پێش خۆی بەرهەم هێناوە..

بۆ نمونە: لە شیعری (جیهانم پشكنیوە) دا هەست بەو هونەرە دەكرێت.

**هەر دەڕۆین و پێ ناگەین**
**هەر دەڕۆین و تێ ناگەین**
**شێوەی ئەم گفتوگــۆیە،**
**لاوی كورد ڕەنجـەڕۆیە!!**
**نە لەیەك دەگــــــەین**
**نە بەیەك دەگــــــەین**

دیوانی عەونی، ٨٦

ئیقتیبـاسی ئەم هۆنراوەیە لە وەدایە كەوا شـــاعیر ئەم دەقەی ســـودی لە دەقە شـــیعرێكی مەحوی وەرگرتووە، جا پلەی كاریگەرییەكەی بەهۆی ئاواز و دەربڕینی مەحوی بوویێت یان هەر شتێكی تر، شاعیر هاتووە بە جۆرێكی ترو بە ڕواڵەتێكی تر شـــیعرەكەی هۆنیوەتەوە و ئیقتیباسی پێكردوە لە وشـــەكانی (گفتوگۆ، تێ ناگەین، پێناگەین، نە لەیەك دەگەین)، هەروەك لە نمونە شـــیعرییەكەی (مەحوی) دا بەڕونی دیارە دەڵێ:

**هـــەر گفتوگۆمە. كـەچی هەر دەڵێم و تێ ناگەم**
**هەر جوست و جۆمە. كەچی هەر دەڕۆم و پێ ناگەم**
**چـــاوم ڕواو و گۆشەیـــــی ئەو ئەبرۆوم نـــەدی**
**دڵ بوو بە بەحری علووم و لە ئەلف و بێ نــــاگەم**

دیوانی مەحوی، ٣٨٨

## ٢،٣،١٠ كۆكردنەوە لەگەڵ لێككردنەوە (الجمع مع التفریق):

ئەمەش یەكێكە لە هونەرەكانی تری جوانكاری واتایی. شـــاعیر لە هۆنراوەكانیدا بەكاریهێناوە و گرنگی پێداوە، بەمەش بووەتە هۆی هونەرێكی تری جوانكایی واتایی لەنێو بەرهەمەكانی شـاعیردا لەدایك ببێت، پێناسـەی زۆر بۆ ئەم هونەرە كراوە یەكێك لەو پێناســـانە بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەكات و دەڵێت: ((كۆكردنەوە و لێكردنەوە ئەوەیە دوو شـــت بخرێنە ژێر خێوەتی یەك مەعناوە. لەپاشـــا جیا بكرێنەوە لەو هۆیەدا كە یەكی خستون)). (ئومێد عەزیز مستەفا: ٢٠١٤: ١٩٥)

**هەڵبەست و وێژە. مۆسیقاو وێنە**
**هونەری جوانن هەرسێ بێ وێنە**
**وێنە ئایەتی سیحر و بەیـــــانە**
**مۆسیقا. ئاواز خۆراكـــــی گیانە**

دیوانی عەونی، ٢٢٧

شـــاعیر لەم شـــیعرەدا هاتووە چەند شـــتێكی كۆكردۆتەوە لەژێر هونەری جوان ئەوانیش (هەڵبەســـــت و وێژە، مۆســـیقا و وێنە)، بەڵام دواتر هـاتووە دوانی لێككردونەتەوە ئەوانیش (مۆسیقا و وێنە)ن، هاتووە ڕوونی كردونەتەوە بەوەی وێنەی بە ئایەتی ســـیحر و بەیان داناوە، مۆســـیقاشی بە ئاواز و خۆراكی گیان، بەمەش دەبینین لە پارچە شـیعرێكدا هەردوو هونەری (كۆكردنەوە و لێككردنەوە)ی بەیەكەوە بەستووە، كە جوانییەكی بەخشیوەتە شیعرەكەوە.

## ٢،٣،١١ بەدیكردن – الإرصاد:

بەدیكردن: هونەرێكی ترە لە هونەرەكانی جوانكاری واتایی، كە شـــــاعیران لە هۆنینەوەی شـیعرەكانیاندا بەكاریان هێناوە، (الجاحظ) لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت: (( چاكترین دێرە شیعر ئەو دێرەیە كە ئەگەر نیوە دێڕی یەكەمیت بیست، سەرەوای دێرەكە بزانیت)).( الجاحظ: ١٩٧٥: ١١٦)، واتا بەشـــێوەیەكی تر دەتوانین بڵێین وشەكانی پێش نیوە دێڕی دووەمی دێڕێك بەشێوەیەكی وا هاتبن كە دەلالەت لەسەر نیوە دێڕی دووەمیش بكەن، ئەگەر پیتی پێش كۆتایی دێڕەكە زانرابێ، شـــاعیر ئەم هونەرەی لەنێو دەقە شیعرییەكانی بەكارهێناوە.. بۆ نمونە لە شیعری (نەورۆز و بەهار) دا دەڵێت:

**بەڵێن پێ منیش بۆ جەژنی ئەمساڵ**
**جلی ســەوز و سوور بكرم بۆ كـەژاڵ**

دیوانی عەونی، ١١٣

ئەگەر لەم دێڕەدا بڕوانین دەبینین بە بیســـتن و خوێندنەوەی نیوە دێڕی یەكەم یەكسـەر پێشـبینی ئەوە دەكرێت لە نیوە دێڕی دووەمدا بە بۆنەی هاتنی ڕۆژێكی نوێ و بەهاری تازە باسی جلی سـەوز و سـوور و بكرێت، هەروەها شـاعیریش باس لە بەڵێنی خۆی دەكات لە بەرامبەر ئەو كەسەی كە ناوی (كەژاڵە) بیباتە سەر، بەمەش هونەری بەدیكردن بەرهەم هاتووە٠بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (لە پێناو خۆشەویستی) دا دەڵێت:

**گەڵاڕێزان و گوڵ بابردی، بولبول،**
**بە ناچاری بەجێی هێشت ئاشیانی**

دیوانی عەونی، ٢٠٧

لەم دێرەشدا بە بیستنی نیوە دێڕی یەكەم، یەكسەر پێشبینی ئەوە دەكرێت لە نیوە دێڕی دووەمدا باس لە (ڕۆیشـتن و بەجێهێشـتنی هێلانە بكرێت لەلایەن بولبولەوە ) ، كە ئەوەش لە نیوەی دووەم باسكراوە، بەمەش هونەری (بەدیكردن) دروستبووە.

## ٢،٣،١٢ جێگۆڕكێ - العكس :

یەكێكە لە هونەرەكانی جوانكاری جێگای تایبەتی زانایانی ڕەوانبێژی ناســان بووە، شـــاعیران زۆریان بەكارهێناوە و بایەخیان پێداوە، بۆ پێناســـەی ئەم هونەرە زانای عەرەب (پۆڵس عەواد) بەمجۆرە پێناســـەی ئەم هونەرەی كردوە و دەڵێت: (( ئەوەیە كە قسـەكەر قسـەیەك دەكات، دوایش جێگۆڕكێ یان پێ دەكات، واتا ئەو بەشـەی كە پێشی خستبوو دوای دەخات و ئەوەی دوای خستبوو پێشی دەخات، ئەمەش بۆ زیادكردنی واتا)).(عەبدولسـەلام سـالار: ٢٠٠٠: ١٨٢). عەونیش ئەم هونەرەی لەنێو دەقە شیعرییەكانی خۆی بەكارهێناوە. بۆ نمونە لە شیعری (یاری من) دا دەڵێت:

**یاری من نازداری من، خونچەیی گوڵزاری من**
**خونچەیی گوڵزاری من، یـاری من نازداری من**

دیوانی عەونی، ١٦٦

ئەگەر سـەیری ئەم دێڕە بکەین دەبینین شـاعیر نیوە دێڕی یەکەمی کردوە بە لەتەوە، (یاری من نازداری من)، (خونچەیی گوڵزاری من)، دەبینین لە نیوە دێڕی دووەمـدا هەردوو لەتەکەی جێگۆڕکێی پێکردووە واتای پێچەوانەی کردۆتەوە، لەتی یەکەمی خستۆتە کۆتایی و لەتی دووەمی خستۆتە پێشەوە، بەمەش دەبینین بەردەوامی بە شـیعرەکە و واتای شـیعرەکە دەبەخشـێت، بەمەش هونەری جێگۆڕکێ بەرهەم هاتووە .

### ٢,٣,١٣ گێڕانەوەی گفتوگۆ- الترجیع فی المحاوره :

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری، شـاعیران گرینگیـان بەم هونەرە داوە، بۆ ناسـاندنی ئەم هونەرە ئاماژە بە پێناسـەکەی (ئیدریس عەبدوڵڵا) دەکەین و دەڵێت: ((دارشـتنەوەی گفتوگۆیەکە، کە لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر، رووی دابێ، جا قسەکەر خۆی یەکێکیان بێ، یان نا، مەرجیش ئەوەیە وشەو دەستەواژەکانی ناسك و روون و جوان بن و شێوازەکەی کاریگەر بێ شتی زیادی تێنەکەوێ)). (ئیدریس عەبدوڵڵا: ٢٠١٢: ١٧٣). شـاعیر لەم هونەرەی لە دیوانەکەیدا بەکارهێناوە و بایەخی پێداوە... بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (گوتم ئەی کچ) دا دەڵێت:

**گوتم ئەی کچ لە کەشتی**
**شارستانی یان دەشتی**
**وا جوان و پاك ڕەوشتی**
**مەسیحی یان زەردەشتی؟!**
**گوتی: ئەی برای کوردی من**
**گەر بزانی دەردی من**
**هیچ جاری تر نا پرسی**
**مەلوولی و ڕەنگ زەردی من**
**کیژێکم لێم قەوماوە**
**خزم و برام کوژراوە**
**هاناو هێناوتە بەرتان**
**نازانم کێ تان پیاوە؟**
**ئەو کچە کوردە نازدارە**
**ڕەنگ زەرد و لێو بەبارە**
**ڕەنگی ڕەشی پۆشیوە**
**وا مەلوول و غەمبارە**

دیوانی عەونی، ٨٢

لەم شـیعرەدا دەبینین عەونی گفتوگۆی لەگەڵ کچێکی کوردا هەیە، ئەو کچە ڕەمزی کچی دایکی نیشتمانە، شاعیر بەم دێڕانە پرسیار لێدەکات، بەمەش گێڕانەوەی گفتوگۆ بەرهەم هاتووە.

## ٣. ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك لەوانە:

١- ئەگەر سـەیری دیوانی (عەونی) شـاعیر بکەین، توانیویەتی زۆر بە وەسـتایانە هونەرەکانی جوانکاریی بە هەردوو جۆرەکانییەوە لە نێو دەقە شـیعرییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، ئەمەش وا لە شاعیر دەکات ئەو مەبەستە شیعرییەی کە لە ناخی شاعیردا هەیە بیپێکێت.

٢- عەونی لەنێو هەردوو جۆرەکانی جوانکاریدا، هونەری ڕەگەزدۆزی بە هەموو جۆرەکانییەوە پانتاییەکی فراوانی لەنێو دەقە شـیعرییەکانی داگیرکردوە و بە سـەدان نمونەی شـیعری لەسـەر ئەم هونەرە بەرچاو دەکەون، دواتر هونەرەکانی تر. شاعیر بەسود وەرگرتن لەو ئەزموونە شیعرییەی کە هەیبووە بەهۆی شـارەزایی و خوێندنەوەی دیوانە شـیعری شـاعیرانی کلاسـیك، توانیویەتی شـارەزاییەکی باش لە زانسـتی جوانکاریدا هەبێت و تێیدا سەرکەوتوویێت، بۆیە دەتوانین بڵێین هیچ پارچە شیعرێکی شاعیر خاڵی نییە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

٣- عەونی نیشتمانپەروەر هەرگیز لە ڕێبازی کوردایەتی لای نەداوە و هەردەم پێی وابووە کە کوردایەتی تاکە ڕێگایە بۆ سـەرکەوتن و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد.

٤- شـاعیر زۆر سـەرکەوتوانە توانیویەتی یاریکردن بە وشـە بکات بەتایبەتی لە هەندێ هونەر جوانکاری واتایی کە بە نمونەی شیعری خستومانەتە ڕو.

٥- شاعیر توانیویەتی پەی بە هەندێ هونەری تری جوانکاری بات وەکو ئیقتیدا و گێڕانەوەی گفتوگۆ و جێگۆڕکێ، کە ئەمانە لە دیوانی شـاعیرانی تردا بە کەمی بەرچاو دەکەوێت.

## ٤. سەرچاوەکان

### ٤,١ سەرچاوە کوردییەکان:

ئەحمەد، صافیە محەمەد، ٢٠١٤، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئیبراهیمی، موحەمەد سەعید، ١٣٦٤، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، مهاباد.

دزەیی، عەبدولواحید مشیر، ٢٠١٥، پراگماتیک و ڕەوانبێژی، ناوەندی ئاویز، چاپی یەکەم، هەولێر.

خاڵ، محەمەدی، ١٩٧٦، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەرانی، چاپی یەکەم، جزمی سییەم، سلێمانی.

خۆشناو، هێمن عومەر، ٢٠١٣، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەجادی، عەلائەددین سەجادی، ١٩٨٦، خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

عەونی، فەرهاد، ٢٠١١، دیوانی عەونی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

عەبدولڕەحمان، عەبدولسەلام سالار، ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، زانکۆی سلێمانی.

کاکی، حەمە نوری عومەر، ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی

تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی.

گەردی، عەزیز گەردی، ١٩٧٥، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، بەرگی دووەم، هەولێر.

مستەفا، ئومێد عەزیز، ٢٠١٤، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وەسفیە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

مستەفا، ئیدریس عەبوڵڵا، ٢٠١٢، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

مستەفا، ئیدریس عەبوڵڵا، ٢٠١٢، جوانکاری شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر

**٤,٢ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

سلطانی، محمد علی، ٢٠٠٨، المختار من علوم البلاغه والعروض، دار العصماء، الطبعه الاولی، سوریا- دمشق.

عتیق، عبدالعزیز، ٢٠٠٤، علوم البدیع، الآفاق العربیه، الطبعه الاولی، قاهره.

عباس، الأستاذ الدکتور فضل، ٢٠٠٩، البلاغه فنونها وافنانها، دار النفائس، الطبعه الثانیه عشر، الاردن.

مصطفی، عبدالقادر مصطفی، ٢٠٠٦، البدیع فی شعر عمر بن الفارض، رساله الماجستیر، جامعه ام درمان الاسلامیه.

الجاحظ، ابن عثمان عمرو، البیان والتبین – تحقیق: عبدالسلام محمد هارون، ١٩٧٥، الجزء الاول، الطبعه الرابعه، القاهره.

السعدی، محی الدین، ٢٠١٢، البلاغه علم البدیع، دار العصماء، الطبعه الاولی، دمشق.

القزوینی، الخطیب جلال الدین محمد عبدالرحمن ــ شرح عبدالرحمن البقوقی، ١٩٣٢، التلخیص فی علوم البلاغه، القاهره.

الهاشمی، السید احمد ، ٢٠٠٦، جواهر البلاغه فی المعانی و البیان والبدیع، دار الکتب العلمیه، بیروت لبنان.

الهاشمی، السید احمد، ٢٠٠٨، جواهر البلاغه، مؤسسه الاعلمی للمطبوعات، الجزء الاول، الطبعه الاولی، بیروت لبنان.